شانۆگەری:

# ( یادەوەری خۆشەویستیەکی کۆپی کراو)

یان

(بارانی هاوین)

نووسینی :

عەلی عەبدولنەبی ئەلزەیدی

وەرگێرانی :

مەریوان زەنگنە

**کەسایەتیەکان:**

**فڵانی ژن**

**فڵانی ١**

**فڵانی ٢- هەمان کەسی یەکەمە**

**فڵانی ٣- هەمان کەسی یەکەم و دووەمە**

**شوێن : هۆڵی ماڵێکی ئاسایی.. بەڕونی دەرگای سەرەکی ماڵەکە لەبەرامبەر دەبینرێت.. دوو دەرگای ژووری نووستنیش.. پەنجەرەیەک بەڕوی شەقامە گشتیەکەدا دەڕوانێت.. وێنەی پیاوک ناوی (فڵان)ە - تارادەیەک روخساری جوانە-لەناوەڕاستی دیوارەکەدا بەبزمارێکەوە هەڵواسراوە.. کاتژمێرێکی دیوار.**

**- ژنەکە دێتە ژورەوە .. وادەردەکەوێت کەتەمەنی (٤٥) ساڵ بێت.. جارێک قژی دادەهێنێت و جارێکیش لەئاوێنە بچوکەکەی دەستی لە روخساری خۆی دەڕوانێت, تاوەکو دەگات بە پەنجەرەکە, بە خێرایی تەماشادەکات و بەجێی دەهێڵێت.**

**ژن: ئێستا کاتێتی, ئێستا سەرگەورە و خۆشەویست و چرای ماڵەکەم دێت.. دێت (لەگەڵ وێنەکەدا دەدوێت)من ژنەکەتم.. دێتەوە یادت..هاوسەرەکەم چەندە جوانیت, چەند جوانیت ئەی بینایی چاووم.. ئەی پێکەنینی ئەومنداڵەی کەهەردەم وێنای دەنگیم دەکرد. یەک ووشە گلەیی ناکەم, تەمەنمان دەرفەتێکی تێدا نەماوەتەوە بۆ گلەییکردن, گرنگ ئەوەیە کەتۆ دێیت, لە وون بوونی درێژخایەنت دەبوورم, من تەنها ئەمەم بەلاوەگرنگە(بەئاگادێتەوە) هەموو جلەکانتم شتووە, گیانەکەم هەموویان, هەموو رۆژێک دەمشتن تاوەکو رەنگیان پێوە نەما, بێگومان ئێستا روخساریشت گۆڕاوە, رەنگەکەی, خەندەکەی (بەئاگا دێتەوە) ئەو خواردنەی زۆرت حەزلێ دەکرد والەسەر ئاگرە, لەسەر ئاگرە, لەسەر ئاگرە..ئەیرۆ, لەو رۆژەوەی جێتهێشتووم لەسەر ئاگرەو دەکوڵێت و منیش هەموو ساتێک لەگەڵیدا دەکوڵێم, زۆر لەو رێگایانە دەترسم کەبەرەو ماڵەوە ناتهێننەوە, دەزانیت من هەموو بەیانیەک قژم بۆ تۆ دەشۆم, بەو شێوەیەش دایدەهێنم کەخۆت حەزی لێدەکەی, تاوەکو بەیانیەکیان رەنگە ڕەشەکەی گۆڕاو بوو بەشتێکی دیکە(بەناولەپی بەسەری خۆیدا دەکێشێت, رادەوەستێت) بەڵام بۆیەم کرد, بۆتم بۆیەکرد گیانەکەم,ئەو سپیاییەم بۆت لابرد ..ساڵانێکە قژمت بۆ بۆیە دەکەم.. بۆیەی دەکەم و بۆیەی دەکەم و بۆیەی دەکەم.. بەهیوای هاتنەوەت, ئەو بۆنەی تۆ حەزت لێیەتی چەند ساڵێکە بەردەوام لەخۆمی دەدەم, لەیادتە؟ بۆنەکەمان. .. ئاە, بۆنەکەی چەند خۆشە. چەند ساڵێکە عەباکەم وابەسەر سەرمەوەیە.. لەجادەو بان و ماڵەکاندا بەدواتا دەگەڕێم..لەچاوی خەڵکیدا بەشوێنتا دەگەڕێم.. دەگەڕێم و دەگەڕێم, ئەم شەقام بەرەو شەقامێکی تر**

**دەمنێرێت ئەمیشیان بەرەو یەکێکی تر و ئەویش بەرەو ئەوی تر ویەکێکی تر و یەکێکی تر و یەکێکی تر و , ماڵێک بۆ ماڵێکی تر و کۆڵانێک بۆ دۆزەخم دەنێرێت, دەمووت بەڵکو تۆ ببینم یان یەکێک ببینم کەتۆی بینیبێت یاخود تارمایەکەتی بینیبێت. ئەپڕۆۆۆ. لەهەموو ئەوکەسانەم پرسی کەتۆ دەناسن, بەمەوە نەوەستام و پرسیارم لەوانەشکرد کەناتناسن.. بێسوود بوو.. ئەوگۆرانیەی بەردەوام بۆمت دەووت ئێستاش لەناو چاوەکانمدا نوستوون.. لەیادتە( گۆرانی دەڵێت) {زغیره چنت وانت زغیرون..تعارفنا بنزرات العیون} بێگومان بیرتماوە.. کوێرایم بۆت دایەت .. ئێستا دێیت, هەرئێستا دێتەوە ناو ماڵەکەی, نازانم چۆن پێشوازی لێبکەم, چی بۆ لەبەربکەم؟ دەبێت ژنێک کە بیست ساڵ مێردەکەی نەبینیبێت و لەپڕ وەک بەهەشت مێردەکەی خۆیبکات بەژوورا دەبێ چی بکات؟ من خاوەنی دڵێک نیم بتوانم پێشوازی لێبکەم.. جگەلە قژە سپیەکەم و فرمێسکی شادومانی قەتیس بووی نێو خەمەکانم .. ئەی خوا من چی بکەم؟ هەست بە شەرم و ترس و لەرزۆکیەک لەهەموو جەستەمدا دەکەم.. دەزانم زمانم وەک راهاتووە ووشەکانم وون دەکات.. چی دەڵێت کاتێک بمبینێت بەم جۆرە دیوارەکان لوشیانداوم وهاویشتومیانەتە ناوەڕاستی ژورێکی سارد بەدرێژایی رایەخەکەم؟ چەندم پێویستە لەسەر سینەی بگریم, بگریم, بەکوڵ بگریم.. تەنها گریانە دەتوانێت شوێنی ووشەکان بگرێتەوە (بەتوندی) دەی لەدەرگاکەبدە, لێیدە, تکایە, لەبەرخاتری خۆشەویستەکەت .. ئەوان ووتیان لەم کاتەدا دێیت. (بەتوندی هاواردەکات) ژنەکەت ..لەئامادەباشی تەواودایە بۆ پێشوازیکردن لەمێردەکەی, لە فریشتەکەی هەتاکو بەرەبەیان, لە گیانەکەی, لە ژیانەکەی, لەهەموو تەمەنی.. لەدەرگابدە.. لێیدە.. لێیدە (گوێمان لەتەقەی سەردەرگای سەرەکی دەبێت, ژنەکە توشی دڵەڕاوکێ دەبێت.. دەشڵەژێت, ئازاردەچێژێت, هەنسک دەدات, ووشەی ناڕوون,گریان,بێ دەنگی) لەدەرگا دانەکەی ئەوە, دەیناسمەوە , ئاە.. دواتر لە کاتی خۆیدا هات ( دووبارە تەقەی دەرگا) هەرئێستا, دەرگا دەکەمەوە (بەرەو دەرگای سەرەکی دەێت, بەبێ دەنگی دەوەستێت, لەسەرخۆ دەستی دریژدەکات, دەیکاتەوە, فڵانی١ دێتەژورەوە , لەدەوروبەری پەنجا ساڵ دەبێت زۆر شەکەت دیارە, بێ توانا و شڵەژاوە, بەپەرۆشی و شەرمەوە تەماشای یەکتر دەکەن, دەست لەملی یەکتردەکەن, چەند چرکەیەک بێ دەنگی, دواتر بەکوڵ دەگریەن, گریانێکی تایبەت, هەندێک بەمشێوەیەدەبن و دواتر دەوەستنەوە)**

**فڵانی١ :ئاااااا!....**

**ژن:ئاااااا.......! گیانەکەم تۆ چۆنیت (باری جێگیر نییە و دەشڵەژێت) ئەی هەمووتەمەنم , بەخودا هەمووی, نازانم پرسیاری چ شتێکت لێ بکەم ! ناشزانم پرسیاری چ شتێکت لێ نەکەم ! ئەی خوایە چی بکەم؟ ببورە, من, من شپرزەم, نا.. من دەترسم,نا, نا, نا.. من چاوەڕێتم دەکرد, بەڵکو, نازانم چیم ...**

**١ : پێویستم بەتۆیە, پێویستم بە ووشەکانت نییە, تۆ بەهەموو وردەکاریەکانتەو, (لێی ورد دەبێتەوە) هەروەک بڵێت دوێنێ شەو بەجێم هێشتبێتی.**

**ژن: دەڵێی ئەم روخسارە ناناسمەوە کە هەردەم وێنام دەکرد, بانگم دەکرد, چاوەڕێم دەکرد, بۆیدەگریام, بیرم دەکرد!**

١:تەرمێک هاتووە ئاهەنگی ئەو لەدایک بوونەی بگێڕێت کە شەمەنەفەرەکان بردوویانە, شەمەنەفەرێک رادەستی ئەویتری دەکات و ئەویش بۆ ئەویتر ئەویش بۆ ئەویتر و ئەویش بۆ ئەویتر و بۆئەویتر (هاواردەکات) ئەویتریش بۆ ئەویتر.

ژن: (لەیەک کاتدا هاواردەکات) ئەیرۆۆۆۆۆۆۆ.. بێدەنگ بە(بەئاگادێتەوە, تەماشای کاتژمێرەکە دەکات) ئەوەی منی تیام بەشی هەزار ژن دەکات, دواکەوتی, لە کاتی دیاریکراوی هاتنت چەند خولەکێک دواکەوتیت؟ بەڵام گرنگ نییە !

١:چەند خولەکێک ؟! وادیارە لە دڵتدا کات وەستاوە.

ژن:نەک بەتەنها دڵم بەڵکو لە... گوێ مەدەرێ.

١: بۆچی بەباشی تەماشای روخسارت نەکردم؟

ژن:بۆئەوەی تۆش بەباشی تەماشای روخسارم نەکەیت.

١: (سەیری وردەکاریەکانی شوێنەکە دەکات) زۆرشت لێرەدا گۆڕاون.

ژن: شتەکان؟! هەموو شتەکان.(بابەتەکە دەگۆڕێت) ئای چەند بیری مێردەکەم دەکەم !

١: مێردەکەت؟ ئەوەتا مێردەکەت بەسەرە سپیەکەیەوە ئێستا لەبەردەم خەمەکانتدا وەستاوە.

ژن:(بەئاگادێتەوە) مێردەکەم ! بەڵێ مێردەکەم, تۆ مێردەکەمیت, ببورە.

١: یەک چرکەم بەبیرنایەت تۆم لەگەڵدا نەبوبێتی.

ژن:یەک چرکەم بەبیرنایەت پیاوەکەم لەگەڵمدا نەبوبێت (بابەتەکە دەگۆڕێت) واهەستدەکەم برسیتە.

١: ئای..زۆریش, برسیم بۆبینینت (بابەتەکەدەگۆڕێت) تۆ بۆمن دەگریایت؟

ژن:جا پێمبڵێ کەی نەگریاوم..(راستەوخۆ) دەبێت ئەو دوکەڵ و تۆز ودووری و مردنەی سەردەم وچاوت بشۆرم.. قوربانی دڵتبم.. هەندێک چاوەڕێبکە (دەڕوات.. خێرا دەگەڕێتەوەو دەفرێک ئاوی بەدەستەوەیە, بەدەستی دەم وچاوی بۆ دەشوات)

١: چاوەکانم دەبرژێنەوە.

ژن: روم رەش بێت (دووبارە بۆی دەشوات)

١: ئاوها باشترە.

ژن:هەموو ئەوانەی وون بوون .. وەک دوکەڵ گەڕانەوە.. کوێرایم دابێت.

١فڵانی: وادیارە فرمێسک عەشقی چاوەکانت بووە.

**ژن:خۆت بەچاوەکانمەوە سەرقاڵ مەکە, ئەو خواردنەی زۆرت حەزلێیە والەسەر ئاگرەکە دەکوڵێت, ئەی خوا دەکوڵێت, گیانەکەم دەکوڵێت, چەند ساڵێکی دوورو درێژ چایەکەم لەسەرئاگرێکی کز داناوە.**

**فلانی١: باوەڕناکەم کەگەڕاومەتەوە بۆلای تۆ.**

**ژن: گرنگ  ئەوەیە من باوەڕ بەوەبکەم.**

**١: ئایە خۆشەویستیت بۆ من هەروەک ئەو شەوەیە کە بەجێم هێشتیت.**

**ژن:خۆشەویستی؟ ! چیی؟ نا نا نا گرنگ ئەوەیە تۆ گەڕایتەوە.**

**١: پێویستم بەوەیە کە پێم بڵێیت خۆشم دەوێیت.**

**ژن: بهێڵە باجارێ رۆحم بە بوونت رابێنم.**

**١: شەرم لە مێردەکەت دەکەیت؟**

**ژن:نا.. من لەتۆ شەرم بکەم !**

**١: لەمن؟ من مێردەکەتم, ئاساییە, شەرم بکە ...... ئایە شێوەم زۆر گۆڕاوە؟**

**ژن: هەر زۆر.. من پێم ووتن بەگەنجی بۆمت بگێرنەوە, ئەی خوا, چی بکەم, من جەختم لەسەر ئەمەکردەوە!..**

**١:(پێدەکەنێت) بمگێرنەوە؟! چۆن ئەمە ئەنجام دەدەن؟**

**ژن: ئەنجامی دەدەن.. ووتیان کۆپیەکی کوتومت  هاوشێوەی مێردەکەتت بۆ درۆست دەکەین.**

**١:(بەهێزتر پێدەکەنێت) پیاوێکت بۆ دروست دەکەن.. لەکوێ؟**

**ژن: لەکارگەکانیان.**

**١: بوکەڵە؟**

**ژن: کۆپیکراو !....**

**١: ئەوە تۆچیتە ؟**

**ژن: ئەوان پیاوان کۆپی دەکەن و دەیانێنرن بۆ ئەو ژنانەی پیاوەکانیان لەدەست داوە. وەرە لە پەنجەرەکەوە تەماشا بکە, وەرە..مەترسە ( بەرەو پەنجەرەکەی دەبات.. تەماشادەکات) ئەو پیاوە دەبینێت؟**

**١: دەیبینم.. ئەوە هاوڕێمە (بانگی دەکات) تۆ..تۆ هاوڕێ, تۆ.. گوێت لێ نییە؟**

**ژن: ئەوە راستەقینە نییە.**

١: هاوڕێکەم ؟

ژن:کۆپیکراوە, کۆپیان کردو بۆ ژنەکەیان ناردەوە.. ژنەکەی دراوسێمان, لەدەست پێخەفەی خاڵی شەوانی درێژ بێزار ببوو, باوەڕدەکەیت؟ چەند منداڵێکی کۆپیکراویشیان دروستکرد, بەڵام زۆر بەختەوەرن..هەموو شتێک کۆپیکراون ( بۆ فلآن ١) ئەی کۆپیکراو چەند جوانیت.

١: ئەی هاوڕێ راستەقینەکەم بۆکوێ چوو؟

ژن: شتە راستەقینەکانی ژیانمان کاتێک ماڵئاوایی دەکەن جارێکی دیکە ناگەڕێنەوە, رەنگە پارچەکانیان بگەڕێتەوە وەک پارچەی هاوڕێکەت !

١: پارچەکانیان ؟ کەواتە...

ژن: تۆ مردبوویت ؟

١: مردوو؟ مردوەکان بەو شێوەیە بەپێوە دەوەستن؟

ژن:مەبەستم تۆ نییە.. مەبەستم مێردە راستەقینەکەمە کەلەجەنگەکەدا کوژرا.

١: بەڵام من هەرگیز نەمردووم, تکایە.. ژنەکە من ماندووم.

ژن: گەر بەگەنجی بتیانگەڕاندایەتەوە ئەوا هەستت بەماندوبوون نەدەکرد.. هەڵەیەکی گەورەیە.

١:واهەست دەکەم چومەتە شێتخانەوە.

ژن:وەک داوایان لێکردم شێواز وخسڵەتەکانی مێردەکەمم بۆیان نووسی, وێنەیەکیش لەو وێنە هەڵواسراوەتم پێدان, لەبارەی تۆوە زۆرم بۆ باس کردن..ئەوانیش دانەیەک لەمێردە ونبوەکەمیان بۆ دروستکردم.

١:هیوادارم مێشکم شوێنی ئەم شێتیەی تیا ببێتەوە, هەوڵبدە قسەی رێک وپێک بکەیت, تێدەگەیت....

ژن: نازانم چۆن حاڵیت بکەم؟ لێم تێناگەیت.. شتێکت پێدەڵێم: ژنان, تەنها ژنن, جادەوبان وماڵ و ژورە بچوکەکان پڕبوونە لە ژن, ژیانمان بریتیە لەژنان, پیاوەکان رۆیشتن, کوژران, وون بوون, نێژران, ژن لێرە, ژن لەوێ, دەبوایە ژیان لێرە بوەستایە, دەبوایە بە هەرشێوەیەک بێت پیاو پەیدابکەین.. ئەوان پیاویان دروستکرد وبەیەک جار بۆ ژنان و دایکان و خۆشەویستەکانیان نارد.

١: بەڵام من مێردەکەتم .. خۆشەویستە راستەقینەکەت.

ژن: هیچ گۆڕانکاریەک بەسەرتۆدا نەهاتووە.. هەربۆیە دەڵێیت من راستەقینەکەم.. تۆ تەنها کۆپیکراوێکیت و هیچی تر.

١: هیچی تر؟ بەڵکو من بەڕاستی ئەوم.. دەبێت چی بکەم بۆئەوەی باوەڕمپێبکەیت.

**ژن:گوێی مەدەرێ (بەوردی تەماشای دەکات) ئەمە چ عەقڵێکە تواوێتی مێردێکم هەر وەک وخۆی بۆ دروست بکات.**

**١: مێشکم ناتوانێت لەم ووشانە تێبگات.**

**ژن:ویستم شتێک لەدەم وچاوم بدەم بۆ ئەوەی جوانیە کۆنەکەمت بۆ بگێڕمەوە, بەڵام روخسارم هیچ رەنگێک بەخۆیەوە ناگرێت, ویستم قژم بەو شێوەیە دابهێنم کەتۆ حەزت لێبوو, جلە پەمەییەکەشم لەبەربکەم.. ئەو دیاریەی لە مانگی هەنگوینیمان کەتەواو نەبوو پێشکە شتکردم, ویستم ببم بەژن, بێسوودە..وادیارە ئەوژنە جوانەی لە ناخمدابوو ئەویش وون بووە.**

**١:خۆشەویستەکەم تۆم هەروەکو خۆت دەوێت دور لەهەموو رەنگێک.**

**ژن:چەند جوانیت.. یادەوەریەکیان بۆ دروستکردویت هەروەک یادەوەری مێردەکەم.**

**١: من سەرتم دەوێت, دڵت, رۆحت.. هەربەوشێوەیەی دواشەو بەجێمهێشتن.**

**ژن:منیش وەک دواچرکەی کەلێرە دەرچویتەدەرەوە تۆم دەوێت. دوا دەسلەملان.. لەیادتە؟**

**١: بیست ساڵە من بە تینی گەرم وگوڕی ئەو ساتەوە دەژیم.**

**ژن: منیش لێرە دەکوژامەوە.**

**١:کەوایە ژنەکەم با ئەوەی لەتەمەن ماوە بەسەری بەرین, هەوڵدەدەم ئەومۆمانەی من وتۆ کەماون دایانبگیرسێنم.**

**ژن: تۆ پێویستت بە ژنێکی کۆپیکراوە.**

**١: خوا بەزەیی بە عەقڵتدا بێتەوە.**

**ژن:ئەمڕۆ ئەوکاتەیە کەدیاریان کردووە بۆ تەواوکردنت, تکایە لەمەتێبگە.**

**١: ناتوانم.**

**ژن: بۆچی رازی نیت ببیت بە پیاوێکی کۆپیکراو؟**

**١:لەبەرئەوەی من راستەقینەکەم .**

**ژن:دەزانم ئاستەمە بەمە رازی بیت, بەڵام لەڕاستیدا ئەمە رویدا.**

**١: هەمووشتێک لەتۆدا سارده , پێشوازیەکەت, دەست لەملانێکەت, یادکردنت, تۆ لەسەر رایەخێک لەوڕێنە دەژیت.**

**ژن:تۆ لەمن دورنەکەوتوویتەتەوە, بەڵکو هیچ بوونێکت نەبووە, هەموو ئەو ئارەزوو حەسرەت و دەست لەملانەت لەکوێوە هێنا؟.**

**١:چەند دڵڕەقیت.. بەم هەموو قەوارەیەمەوە هیچ بوونێکم نەبوو.**

**ژن:نازانم چۆنتان بۆ روون بکەمەوە؟**

**١: دەتوانم باسی ئەو بیست ساڵەتان بۆبکەم کە تێپەڕبوون.**

**ژن: باسیدەکەیت.. ئەوەدەزانم, بەڵام تۆ ئەو کەسەنیت کەئەو روداوانەت بەسەردا هاتووە!**

**١:(هاوارییەسەرا دەکات) ئەی بەسەرکێدا هاتووە؟**

**ژن: بەسەر مێردەکەمدا..........**

**١: چەندم پێویستە بتەقێمەوە لە هاوارکردندا.. لە پێکەنیندا... لەگریاندا.**

**ژن:من شادومانم بەوەی کەمێردەکەم نەمردوو. بێگومان دێتەوە.**

**١:تۆ شادومانیت بەوەی کەمن نەمردووم؟**

**ژن: مەبەستم تۆ نییە...**

**١: سەرم لەکەنار بیرێکدا وەستاوە , چاوەڕێی ئەوەم لێمەکە لەوپەڕی عەقڵ وهۆشی خۆمدابم (هاواردەکات) ژنەکەم پێمووتی من ماندوم.**

**ژن: ماندو لەچی؟**

**١: لە بیست هەزار شەو و شەو وشەو شەو..**

**ژن: تۆ هەرگیز تیایدا نەژیاویت, بەڵکو مێردە خۆشەویستەکەم لەناو ئازارەکانیدا ژیاوە.. لە غوربەتەکانیاندا, لە توندوتیژیەکانیاندا.. بۆچی حاڵی نابیت؟**

**١: باشە.. کەوایە ئەی لەکوێ بووم؟**

**ژن: هێشتان تۆ لەدایک نەبوویت. مەبەستم دروست نەکرابوویت.**

**١:(بەتوندی پێدەکەنێت) ئەی چ کات لەدایک بووم, دروست کرام...؟**

**ژن:ئەمرۆ جەژنی لەدایک بونتە, باش لەبەری بکە, تکایە ئەم پێکەنینە بەسە.**

**١:(لەپێکەنین دەوەستێت) ئەی ئەم رەنگە سپییەی تەواوی سەرم دادەپۆشێت چییە؟**

**ژن:مێردەکەشم کاتێک دێتەوە بارێک لۆکەی بەسەرەوەیە.**

**١: مێردەکەت کە هێشتا نەمردووە؟**

ژن: پاش تێپەڕبوونی بیست ساڵ دەزانم کە مێردەکەم هێشتا زیندووە, وەک گوێم لە چیرۆکێک بێت, تۆ وەکو من نایناسیت, ئەو بەشێتانە خۆشیدەوێم.

١: تکایە, هەوڵبدە باوەڕم پێبکەیت.. من دەمەوێت ئەوەی لێمماوە بەئێوەی ببەخشم, رەنگە من بە چارەکە سۆزێک و چارەکە عەقڵێک و چارەکە ژیانێکەوە هاتبێتمەوە..من دانی پێیا دەنێم کەمن کۆمەڵێک چارەکم, بەڵام هەمووی بەتۆ دەبەخشم, خوشەویست تەنها بەتۆ.

ژن:ئەی خوا.. هەردەڵێیت خۆیەتی, ئەویش لەو شەوە گەرمانەدا بەم جۆرە باسی خۆشەویستیەکەمانی دەکرد, تۆ ئەندێشەم پاڵکێش دەکەیت بۆ ئەو شەوانەی کەلەیادناچنەوە .

١: گیانەکەم لەسەر دەستەکانت نەبوایە خەوم لێنەدەکەوت.

ژن: دەزانم.. ئەو هیچیشی نەدەخوارد گەر بەتەنیشتیەوە نەبوومایە.

١: بڵێ تۆ بەتەنیشتمەوە, مەڵێ ئەو , تکایە.. بەدەستەکانت نەبوایە هیچم نەدەخوارد.

ژن:دەزانم.. ئەو گۆرانیەی بۆم دەووت کەبەردەوام لەگەڵ خۆیدا دەیوتەوە....

١:بوەستە, گۆرانیەکەم, باشم لەبیرە (گۆرانی دەڵێت){زغیرە چنت ..وانت زغیرون....}

ژن:ئەی خوا..دەنگی ئەوە, من گوێم لەچییە؟ لەدواشەویدا, ئەو دەیزانی کە دواشەوێتی.

١:ئەوکات لەنێوان چاوەکانتدا زۆر گریام, لەئامێزتدا زۆر گریام تاوەکو جلەکەت تەڕبوون, وەک منداڵێکی وون بوو دەگریام کە ووشەکان لەناودەمیدا وون بووبێتن و لەگریان بەولاوە هیچ زمانێکی تر نەزانێت.

ژن: شەوێک بوو لەگریان.

١:(لەگیرفانیدا شوشەیەکی بۆنی بچوک دەردەهێنێت) تەماشای ئەمەبکە...

٢:(لەدەستی دەستێنێت و بەمەستی بۆنی دەکات) شوشەی بۆنەکەم, ئەمە بۆنەکەی منە.. ئەی خوا, ئایە لەبیرتە ئەوکاتەی ئەم شوشەیەم خستەنێو گیرفانت چیم پێووتیت؟

١:{ئەوکاتەی بیرتکردم هەندێک لەم بۆنە لەنزیک لوتتەوەبدە..دەمبینیت لەبەردەمتدا وەستاوم, لەبەردەمتدا دەبم بەهەموو سۆز و حەسرەتم)

ژن:ئەمەت لەکوێ دەست کەوت؟

١: لەتۆوە, سوێندت بۆدەخۆم لەتۆوە !

ژن:ناکرێت, ئەوە چیم بەسەردادێت؟ خەونە, خەونە, خەونە(لەگەڵ خۆیدا دەدوێت) مێردەکەم, ئەمە مێردە راستەقینەکەمە, بۆنەکە, گۆرانیەکە, ووشەکانی, وردەکاریەکانی(هاواری بەسەردادەکات) ناکرێت مێردەکەم نەبیت, مێردەکەم, مێردەکەم, مێردەکەم, مێردەکەم, مێردەکەم, مێردە راستەقینەکەم.. بەخوا مێردەکەمیت..(دەگری, هاواردەکات, بەتوندی باوەشی پیادادەکات, دەگرین و گریان دەبێت بەزمانێکی تایبەت لنێوانیاندا)

١:گیانەکەم دواجار منت ناسییەوە.. دواجار...

ژن:(دوردەکەوێتەوە, بەرەو پەنجەرەکە دەچێت, بانگ لە رێبوارەکان دەکات) گوێبگرن, تکایە, ئەی کۆپیکراوەکان :مێردە خۆشەویستەکەم گەڕایەوە, راستەقینەکە, رۆحیشم لەگەڵیداگەڕایەوە, تاجی سەرم هاتەوە, ئەی کۆپیکراوەکان, مێردەکەم تەنها راستیەکە لە جیهانە کۆپیکراوەکەتان.

١:کاتێک شەو بەتوندی بەسەر رۆحما دێت, سەرم دادەپۆشم و ئەم شوشە بۆنە لە گیرفانم دەردەهێنم. هەندێک لەنزیک لوتم دەدەم , تۆش دێیت, بەتەنیشتمەوە دەنوویت, هەست بەگەرمی هەناسەکانت دەکەم, سەرم بەسەرسینەتەوە دەنێم وگوێم لەلێدانی دڵت دەبێت, گوێم لێیەتی دەڵێت: {خۆشمدەوێیت, خۆشمدەوێیت, خۆشمدەوێیت}(دەوەستێتەوە) بەڵام بەیانیەکەی بەشوێنتدا دەگەڕێم و ناتبینمەوە, منیش تەنها دەگریم...

ژن:باوەڕدەکەیت هەمووشەوێک بۆنی ئەم عەترەم دەکرد کاتێک شنەی با بەرەو ژورەکەمی دەهێنا, منیش دەرگاکەم دەکردەوە بەڵام تۆی لێ نەبوویت, تەماشای رێگادورەکانم دەکرد بەڵام هیچ ئاسەوارێکتم بەدی نەدەکرد.

١:ئێستا پێویستم بەم بۆنە نەماوە , پێویستم بەتۆیە, دەمەوێت لەبۆنی جەستەت تێرهەڵمژم.

ژن:شەوانە دەرگای ژورەکەمم بەکراوەیی بۆت بەجێدەهێشت, خەونم بەوەوە دەبینی کەهەستم و لەبەردەممدا بتبینم و پێم بڵێیت: رۆحەکەم هەستە.. ئەوە هاتمەوە.. هەندێک چاوەڕێکە(خێرا دەڕوات و دێتەوە باوڵێکی گەورە رادەکێشێت, دەیکاتەوە, کۆمەڵێک جل وبەرگی رەشی تێدایە) تەماشای بیست ساڵ لەڕەشایی بکە.

١: ئەم رەشاییە بۆچی؟

ژن:بۆ تۆ.

١: بەڵام من نەمردووم.

ژن:مردووەکان ئەوانەن کە ناگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان, مردووەکان ئەوانەن کە ژنەکانیان لەژورێکی پڕ لە یادەوەری و فرمێسک بەجێدەهێڵن.

١: بەڵام من ووڵاتم بەجێهێشت بۆئەوەی بژیم.

**ژن:ئێمەش مردین بۆئەوەی تۆ بژێیت.. بێسوودە, ووشەکانیش لەمێژا مردوون, بامن وتۆ لەژێر بنمیچێکی نوێدا بژێین.**

**١ : بابژێین ئەی خۆشەویست, بەڵام پێموابوو شێت بوبێتی.**

**ژن:(پێدەکەنێت) باوەڕدەکەیت , پێموابوو کۆپیکراوبیت.**

**١ :(پێدەکەنێت) منیش هەروەها.. خەریک بوو باوەڕبەم بیرۆکەیە بهێنم.. باوەڕدەکەیت..**

**ژن:باوەڕدەکەیت.. بیرم لەوەدەکردنەوە کەچۆن لەگەڵ ئەم ئامێرە مرۆییەدا مامەڵەبکەم..**

**١ : دەستم بەلەشمدا دەهێنا, پێموابوو کە.....**

**ژن: (بەپێکەنینەکەی دەیبڕێت) بیهێنەرە بەرچاوت...**

**١ : (بەتوندی پێدکەنێت) بیهێنەرە بەرچاوت....**

**(بەدەنگێکی بەرز پێدەکەنن, راستەوخۆ گوێیان لەتەقەی دەرگادەبێت,لەپێکەنین دەوەستن..)**

**١ :تەقەی دەرگای ماڵەکەمان.**

**ژن: تەقەکانی ئەوە....**

**١ : ئایە چاوەڕێی کەسێک دەکەیت؟**

**ژن: ئمممممم.. بەڵێ, چاوڕێی ئەو دەکەم...**

**١ : (هاواری بەسەرا دەکات) کێ؟**

**ژن:مێردێکی کۆپیکراو هاوبەشی ژیانم بکات لەنێو ئەم دیوارانەدا.**

**١ : شێتیەکی دیکە.**

**ژن: گوێ مەدەرێ, پێیدەڵێم بگەڕێرەوە بۆلای ئەوانەی دروستیان کردویت, پێویستم پێت نییە.**

**١ : پێشوازی لێمەکە, دەرییکەرە دەرەوە.. دەمەوێت بەتەنها بین.(تەقەی دەرگا بەهێزتردەبێت) من هەوڵی لەگەڵدادەدەم, تۆبچۆرە ژورەکەمان, نیگەران مەبە.**

**ژن: خۆم دەریدەکەمە دەرەوە...**

**١ :نا.. تکایە نامەوێت روبەڕوی یەکتر ببنەوە, بهێڵە من کۆتایی بەم چیرۆکە بهێنم, تکایە بڕۆ.**

**١ : دەڕۆم , بەڵام بەخێرایی لەکۆڵی بکەرەوە(دەچێتە ژورەکەوە)(تەقەی دەرگا بەهێزتر دەبێت)**

ژن:دوو مێرد؟! گاڵتەجاڕییە! زیادلەپێویستە  بۆژنێک کەلەماڵەکەیدا خەونی بە سێبەری پیاوێک دەبینی. یان لە ژورەکەیدا.چەن بەچەن لەگەڵ وێنەکەیدا قسەم دەکرد, لەگەڵ جل وبەرگەکانیدا,  لەگەڵ ئەوشوێنەی لێی دادەنیشت, خواردنم بۆ هەردووکمان لێدەنا, هەردووکمان لەسەرخوانەکە دادەنیشتین, پێم دەووت: خواردنەکەت بەدڵە؟ خۆیشم وەڵامی خۆمم دەدایەوە, خواردنەکەی لەسەر خوانەکە بۆ ڕۆژی دووەم دەمایەوە. چیم پێدەدا(گوێبیستی تەقەی بەرزتری دەرگاکە دەبین) هەرئێستا, هەرئێستا دەرگاکەت بۆ دەکەمەوە, هەندێک چاوەڕێبە(بەرەو دەرگاکە دەچێت, فلآتی٢: دێتە ژورەوە, نزیکەی پەنجا ساڵانە, قژەسپییەکەی سەری دادەپۆشێت, تەماشای یەکتردەکەن, دەیەوێت باوەشی لێبدات, دوردەکەوێتەوە, توشی شۆک دەبێت)

فلآنی ٢: چی.. چیتە؟

ژن:هیچ.. هیچ شتێک...

٢:(بەوردی تەماشای دەکات) ژنە خۆشەویستەکەم, ئایەدەکرێت بەم ساردییەوە پێشوازی لە مێردە دور ووڵاتەکەت بکەیت؟

ژن: چەند هەڵەیەک رویداوە.

٢:وەرەپێشەوەو دەست لەملی مێردەکەت بکە.. بۆچی لێم دوردەکەویتەوە

ژن: هەندێک چاوەڕوانبە....

٢: چاوەڕوانی چی بم.. وادیارەبەهاتنەوەم توشی شۆک بوویتە.

ژن: نا..نا.. نا هەرگیز, ئەی خوا.. تۆ رێک لەودەچیت.

٢: مەبەستت کێیە؟

ژن:مێردەکەم !

٢: هیچ گۆڕانکارییەکت بەسەردا نەهاتووە تەنها, تەنها..هیچ.. هەرهیچ شتێک.

ژن:هەرهیچ !....

٢: بۆچی دەستت لەملم نەکرد؟

ژن: نازانم(بەباشی تەماشای دەکات) تۆشیان بەگەنجی نەناردۆتەوە.

٢: چۆن ساڵەکان بەجێیان هێشتوویت ئاوها منیشیان بەجێهێشت, ژنەکەم من ماندوم.

ژن: بووەستە.. بەرلە چەندچرکەیەک گوێم لەم ووشانە بوو.

٢:چەندجوانیت, ژنەکە باپێکەوە ڕێگاکەمان تەواوبکەین, هەوڵدەدەم ئەومۆمانەی ماوتە دایانبگیرسێنم.

**ژن: ووشەکانی ئەو...!!**

**٢:هەموو شتێک لەتۆدا سارده, پێشوازیەکەت, دەست لەملانێکەت, چیت بەسەرداهاتوو؟**

**ژن:ووشەکانی ئەو..تۆلەمن دورنەکەوتویتەتەوه؟ بەڵکو هەربوونیشت نەبووه, کەوایە لەکوێ ئەم هەموو یادکردن و دەست لەملانێیەت هێناوه؟**

**٢:ئەم قسانە یانی چی؟**

**ژن:واتە تۆ مێردە راستەقینەکەم نیت.**

**٢: من ئەونیم ....؟ کەواتە کێم؟**

**ژن:کۆپیکراویت, لەشێوەی مێردەکەم کۆپیان کردوویت.**

**٢:سەرم لەکنار بیرێکداوەستاوه, چاوەڕێ مەبە هەموو کەلەسەرم پێوەبێت (هاواردەکات) ژنەکەم , پێمووتی من ماندوم.**

**ژن:ووشەکانی.. ووشەکانی.. سوێندت بۆدەخۆم کە ئەمانە ووشەکانی ئەون.**

**٢: ووشەی منن.. ووشەی منن....**

**٢:مێردەکەت, مێردە راستەقینەکەت.**

**ژن:چۆن دەبێت تۆ ئەو بیت و لەکاتێکدا مێردە راستەقینەکەم لەو ژورەدا دانیشتووه (ئاماژەبۆژورەکەدەکات)**

**٢: پیاوێکی دیکە لەژورەکەمدایە؟**

**ژن:تۆ ئەوەکەی تریت , بەڵام ئەو مێردەکەمە.**

**٢:(بەگاڵتەجارییەوه پێدەکەنێت) باوەڕبەتۆ بکەم و ئەم جەستەیەی لەبەردەمتا وەستاوه بەدرۆ بخەمەوه. ئەی ئەم رۆحەی لەناویدا دەژێت,ئەم دڵی شەیدای تۆیە. ئەم دوو چاوەش کەدەمێکە تینوی بینینی چاوەکانتن, دەستەکانیشم کەئەوەندە نزایان بۆ گەڕانەوەم بۆلای تۆ کرد توشی ئیفلیجی بوون, من پیاوێکم بەهەموو وردەکاریەکانەوه, چۆن باوەڕبەتۆ بکەم و ئەم وردەکاری و بوونەم بەدرۆبخەمەوه..؟**

**ژن:(بەساردییەکەوه)دەتوانیت هاواربکەیت, بەئارەزوی خۆت هاواربکە, بەڵام ئەم کارە پێویستی بە هێمنی هەیە.**

**٢:ژنەکەم ئەو هێمنیەم ناوێت کە بوونم دەسڕێتەوه.**

ژن:تکایه باسی سڕینەوە مەکە, من ژنێکم بیرم نایەت کە ژن بوبێت. ژنێکم لەبیری نەماوە کە پێخەفێکی گەرمی هەبووە, دایکێکیشم لەچاوەڕوانی ئەومنداڵەی لەگەڵ بەهارە هەمیشە دواخراوەکەتداسینەی وشک بووەتەوە...

٢ : دەمەوێت ببم بە مێردت.. بەبەهارت....

ژن:ئاستەمە بتوانم شوێنێکی گونجاو لەدڵما بۆتۆ بدۆزمەوە.

٢ : ناکرێت.. تۆ ژنێکی دیکەیت و لەژنەکەم دەچیت.

ژن: رەنگە...

٢:بیست ساڵە چاوەڕێی ئەو ساتە دەکەم کەدێمەوە بۆلات.ساتی دەست لەملان, ساتێک گوێم لەهەناسەکانت بێت, هەموو ئەم دیوارانە ماچ بکەم, باوەش لە پەردەو کورسی و رایەخەکان بدەم.بەڵام ئەوەتا وەک درەختی پایزە لەبەردەمما وەستاویت.

ژن:تۆ ئەی بونەوەر ئەم هەموو خۆشەویستیەت لەکوێوە هێناوە, پێموابوو تۆ تەنها ئامێرێک بیت و تاڕادەیەک لەمێردەکەم بچیت.

٢ :ئەوەی دەیڵێیت چەند دژوارە.

ژن:ئەی ناوت لێ بنێم چی؟

٢ :مێردەکەت, سوێند بەچاوانت مێردەکەت.. لەشەوەساردەکاندا خەونم بە وردەکاریەکانەوە دەبینی, خەونم بە بۆنی چایەکەتەوە دەبینی, بە چرپەکانت...

ژن:ئازیزم هەندێک دواکەوتیت.. ناکرێت تۆ ئێستا لێرەدا بمێنیتەوە.

٢ :گەردەمزانی بەم هەموو مردنەوە پێشوازیم لێدەکەیت.. هەرگیز نەدەگەڕامەوە بۆلات, گەر بمزانیایە دەبم بە مێردێکی نەناسراو بۆ ژنێک کەعاشقی تەنانەت ژێر پێیەکانیشیم, نەدەگەیشتمە بەردەم دەرگای ماڵەکەش.

ژن:بەرگەی ئەم هەموو خۆشەویستیەت ناگرم, عیشقێکی کوتوپڕ(هاواریبەسەرا دەکات) خۆشەویستی لەشادەمارەکانمدا ووشکی کردووە.

٢ :بەرگەی ئەم ووشانەت ناگرم کە بەسینەمیەوە دەنێیت.

ژن:داوام لەو کەسانەکرد کەپیاوان و ژنان کۆپیدەکەن مێردە وون بووەکەمم بۆ کۆپی بکەن, ئەوکاتەی چاوەڕێی تۆم دەکرد, مێردەراستەقینەکەم بەرلەتۆ بەچەند چرکەیەک هاتەوە, چی بکەم؟

٢ :دانی پێدادەنێم کە ناتوانم لێتان تێبگەم.

ژن: لەدرزی کلۆلی دەرگای ژورەکەوە تەماشای بکە, .

**٢: تەماشای کێ؟**

**ژن: مێردە راستەقینەکەم.**

**٢:راستەقینە؟ (بەخێرایی بەرەو دەرگاکە دەچێت, لە کلۆمی دەرگاکەوە تەماشادەکات.. بەخێرایی و بەترسەوە دەگەڕێتەوە) ئەمە چییە؟ ئەوە منم ! من لەم ژورەدا چی دەکەم؟ئایە من لێرەم یان لەوێم ؟ من لەکوێم؟**

**ژن:ئێستاش پاش ئەوەی بەچاوی خۆت دڵنیابوویت دەتوانیت بڕۆیت.**

**٢:من مێردە راستەقینەکەم, ئەوەی لەژورەکەدایە ئەو ئەو ئەو کۆپیکراوەکەیە, دەبێت بڕوات.**

**ژن:ئەو مێردەکەمە, تۆش ناناسم.**

**٢:ئایە مێرد پێویستی بە بەڵگەیە تا بۆژنەکەی بسەلمێنێت کەئەو مێردەکەیەتی؟**

**ژن:ئەگەر بەڵگەت نەبێت من چۆن باوەڕت پێبکەم؟**

**٢:(شوشەیەک بۆن لەگیرفانیدا دەردەهێنێت,هەمان ئەوشوشەیەی کەسی:١) تەماشای ئەمە بکە.**

**ژن:(لێی وەردەگرێت, بۆنی دەکات) ئەی خوا , ئەمە بۆنە دڵخوازەکەی منە.**

**٢: لەدواشەومدا تۆ ئەم بۆنەت خستە نێو گیرفانمەوە.**

**ژن: راستە ئەمەم بۆ مێردەکەم کرد.**

**٢:ئەوکاتە پێت نەوتم{هەرکاتیادتکردم هەندێک لەمە لەنزیک لوتتەوە دابنێ}؟**

**ژن:(زۆر بەسەرسامیەوە) نا.. بووەستە...**

**٢:کاتێک شەو خۆی بسەر رۆحمدا دەکێشت..سەرم دادەپۆشی , شوشەی بۆنەکەم لەگیرفانما دەردەهێنا, دوو دڵۆپم لەنزیک لوتم دەدا, تۆدەهاتیت وبەتەنیشتمەوە دەنوستیت..**

**ژن:(هاواری بەسەردا دەکات) بووەستە.. بووەستە.. بووەستە..**

**٢:بەردەوام ئەوگۆرانیەم دەوتەوە. لەبیرتە,(گۆرانی دەڵێت){انا بعشقک انا, اناکلی ل کانا}.**

ژن:(دەستلەملی دەکات)مێردە خۆشەویستەکەم(لێی دوردەکەوێتەوە) تۆکێیت؟ مێردەکەمیت کەچاوەڕێم دەکرد, وەرە ئەی خۆشەویست(هاواری بەسەردادەکات)نا.. بووەستە..هەندێک چاوەڕێبکە, (دەڕوات و ڕاستەوخۆ دێتەوە و جلێکی سپی پیاوانەی بەدەستەوەیە) پرسیاری لێبکە, لە جلەکەت پرسیاربکە چەندچاوەڕێی گەڕانەوەتم کرد, پرسیاری لێبکە.(جارێکیتر دەڕوات و بەکۆمەڵێکی زۆر جل وبەرگی منداڵانەوە دێتەوە) پرسیار لەم جل وبەرگی منداڵانە بکە کەلەدایک نەبوون و هەرگیزیش لەدایک نابن..بزانە چەند لەناوفرمێسکەکانمدا مەلەیان کردووە, پرسیاریان لێبکە (جێی دەهێڵێت, بەڵام خێرا دەگەڕێتەوەو دەستەیەک ڕۆژنامەی بەدەستەوەیە) لەم ڕۆژنامانەدا بەدوای بچوکترین هەواڵدا دەگەڕام کە گەڕانەوەت دوپاتبکاتەوە. ماڵەکە پڕبوو لەڕۆژنامە, بەڵام بەبێ هیچ هەواڵێک سەبارەت بەتۆ, بەبێ هیچ ووشەیەک یان پیتێک ئاماژە بەتۆبکات...

٢:تکایە بووەستە, مەڕۆ.

ژن:ئەویش داوایلێکردم لێرە دەرتبکەمە دەرەوە.

٢:هەڵەبوویت کاتێک پێشوازیت لێکرد.(ئەو لەژورەکەدایەو ئەمیش بانگی دەکات)ئەی پیاو دەی وەرەدەرەوە. لەژورەکەم وەرە دەرەوە. بۆدەرەوە...

ژن:(دەیەوێت بێدەنگی بکات) نا.. بەم شێوەیە نابێت, دەبێت یەکێکتان بچنەدەرەوە, بەڵام کامتان؟کێ؟

٢:هەرئێستا دەریبکەرەدەرەوە, ژنەکە من ماندوم,هەر ئێستا بەزۆر دەیکەمە دەرەوە.

ژن:نا, وانابێت, بڕۆ بۆ ژورەکەی تر بەڵکو چارەسەرێک بدۆزمەوە.

٢:دەچمە ژورەکەوە, کاتێک دێمەدەرەوە دەبێت ئێرەی بەجێ هێشتبێت, جگە لەمە لەبەکارهێنانی هێز بەولاوە هیچ چارەسەرێک شکنابەم.(دەچێتە ژورەکەی ترەوە)

ژن:(بەتەنها) دەبێت کامیان ماڵەکە بەجێبهێڵن؟ کامیان ڕاستەقینەکەیە؟ (بانگیان دەکات) ئێوە ئەی مێردە خۆشەویستەکانم..بەڕاستی پێم بڵێن, کام لەئێوە مێردی ڕاستەقینەی منە؟ (کەسیان وەڵام نادەنەوە) ئای لەم بێدەنگییە (بەرەو دوودەرگاکە دەچێت, لەهەردوو کلۆمی دەرگاکانەوە تەماشادەکات, ڕادەوەستێت..) ئەی ڕۆ..هەردوکتان لەسەر ڕایەخەکانەوە پاڵکەوتوون, یەک جەستە بەسەردوو ژوردا دابەش بووە, دەبێت تیروپشک ئەنجام بدەم بۆ هەڵبژاردنی مێردە ڕاستەقینەکەم, بەڕستی شتێکی بێ فەرە(بەنائومێدیەوە گۆرانی دەڵێت):{زغیرە چنت ..وانت زغیرون}.

١:(لەژورەکە دێتەدەرەوە) ها..ئایە دەرتکردە دەرەوە؟ ئەمە کەمترین شتێکە بیکەیت.

ژن: دەرمنەکردەدەرەوە.

١:کەوایە بەهێمنی ئێرەی بەجێهێشت.. پێشبینی ئەمەم نەدەکرد.

ژن: تۆ کۆپیەکیت لەو.

١ : ئەو کۆپییەکە لەمن.

ژن: لە هەموو شتەکاندا هاوبەشن.

١ :گرنگ ئەوەیە ئەو رۆیشت.. تۆئەمشەو بۆکە ئازیزەکەمی.

ژن: نەڕۆیشتووە.. ئەو ئێستا لەژورەکەی تردایە.

١ : لەژورەکەدا؟ خەریکی چییە؟

ژن:بەسەر چوارپایەکەوە نوستووە, بەوەتۆمەتبارت دەکات کە گوایە تۆ مێردە کۆپیکراوەکەیت !

١ :تکایە باسی شتی وەها مەکە.

ژن:دەیووت: دەبێت هەر ئێستا تۆ ماڵەکە بەجێبهێڵیت.

١ :بێگومان تۆ بەڕویاهاوارتکرد:{بۆدەرەوە, ئەو مێردو خۆشەویستەکەمە.دەبێت تۆ بچیتە دەرەوە}

ژن:کارەکە پێویستی بەدەنگ بەرزکردنەوەنییە, بڕۆو لەکلۆمی دەرگاکەوە تەماشایەک بکە.

١ :(دەچێت لە کلۆمی دەرگاکەوە تەماشا دەکات و خێرا دەگەڕێتەوە) ئەمە چییە؟ ئەوە منم, من لەو ژورەدا چی دەکەم و لەهەمانکاتدا لێرەدام؟

ژن: من شێتم و پێویستم بە شێتی زیاتر نییە.

١ :باڵیرە بڕوات...

ژن: رەنگە ئەو بێت....

١ :گەرئێستا نەڕوات دەیکوژم.

ژن: کێ دەکوژیت؟ کۆپیکراوەکە؟ یان راستەقینەکە؟

١ : ئەمەئەوە دەگەیەنێت کەتۆ تاکو ئێستا لەمن بەگومانبیت.

ژن: گومانم لەیەکێکتانە !

١ : کاممان بەڕاستی مێردەکەتین؟

ژن: یەکێکتان.

١ : من یان ئەو؟

ژن:(هاواردەکات) یەکێکتان, یەکێکتان, یەکێکتان....

١ :من ئەوم.. یەکێکتان.. من ئەو یەکەم

ژن:بەپێی بەڵگەکانت باوەڕم پێتکرد, ئەویش هەمان بەڵگەی بۆ هێنام..دەتەوێت چی بکەم, گەر ئەوبەدرۆ بخەمەوە دەبێت تۆیش بەدرۆبخەمەوە ئەگەر باوەڕبەوبکەم دەبێت بەتۆش باوەڕ بکەم.

١:لەم زۆربڵێییە تێناگەم, پێیبڵێ لەماڵەکەم بچێتە دەرەوە, گوێڕایەڵی مێردەکەت ببە.

ژن: چەند پێویستم بەوەیە کە گوێڕایەڵتبم گەربێتو بەڕاستی تۆ مێردەکەم بیت.

١: بۆچی دەتەوێت من کۆپیکراوەکەبم؟

ژن:لەبەئەوەی ناتوانیت لە جیهانێکی کۆپیکراودا بژییت گەر تۆ تەنها شتی راستەقینەی ئەو جیهانە بیت
.

١: چۆن دەکرێت لە پێستەکەم بێمە دەرەوە.

ژن:بەم نزیکانە خۆت دەبینیتەوە لێی دەرچویتە بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەیت.

١:ناکرێت لەژیانێکی بەم رادەیە ووشکدا بژیم.

ژن:وەک دەیبینیت ئێمە لەگەڵیدا بەردەوامین.

١:ناتوانم بەبێ خۆشەویستی بژیم.

ژن:بۆ پێتوایە هەتاکو ئێستا زیندویت؟

١:هەوڵدە دەم زیندوبم, ئەو ژیانەی من دەمەوێت لەم ژیانەی ئێوە ناچێت, ئەو وەک خەونێکە عەقڵ تێیناگات و دڵیش هەستی پێناکات.

ژن:بڕۆ خۆت لەم بیرۆکانە پاک بکەرەوە.

١:تۆو ئەویش ئاگاداردەکەمەوە لەمانەوە لەماڵەکەمدا(بانکیدەکات) تۆ ئەی بونەوەرە کۆپی کراوەکە, دەی لەژورەکەم وەرە دەرەوە. دەبێت هەرئێستا ماڵەکەم بەجێبهێڵیت, ئەی کۆپیکراو..دەرچۆ, ناهێڵم لەمەزیاتر بمێنیتەوە, هەی کۆپیکراو...

ژن: تکایە بوەستە, هەوڵدەدەم دەنگت بەو بگەیەنم, دەبێت کۆببینەوە, قسەبکەین..رەنگە بەئەنجام بگەین.

١:بەهێز لەڕوی دەوەستم.

ژن:ئێستا نا, بهێڵە کارێکتان بۆ بکەم, بڕۆ بۆ ژورەکە, تکایە.

١:دەچم بۆژورەکەم رەنگە شتێکی راستەقینە بدۆزمەوە کە بەبیرم بێنێتەوە کەمن هێشتا لەژیاندام (دەچێت بۆ ژورەکەی )

ژن:(خێرا دەچێت لە دەرگای ژوری ئەویتر دەدات)تۆ ئەی پیاو.

**٢ :(دەرگادەكاتەوەو دێتەدەرەوە)چی رویدا؟ بەدڵنیاییەوە دەرتكردە دەرەوە.**

**ژن: دەرنەچووە. ناشیەوێت بڕوات, دەریشم نەكردووە.**

**٢ : ئایە شەرم ناكات لەوەی لەگەڵ ژنێكا بمێنێتەوە كەژنی ئەو نییە.**

**ژن:رەنگە ئەو مێردەكەم بێت.**

**٢ : رەنگە...**

**ژن:لەوەشە تۆ مێردەكەم بیت.**

**٢ : من خۆشمدەوێیت.**

**ژن:چ ئازارێكە لە نێوان دوو دڵی عاشقدا دانرێیت.**

**٢ : من تاكە عاشقەكەم.**

**ژن: ئەویش خۆشیدەوێم.**

**٢ : ئەی تۆ كێت خۆش دەوێت؟**

**ژن: بۆچی تێناگەیت؟ دەبێت یەكێكتان دانیپێدا بنێت, زۆر رێزی لێدەگرم, دەبێت ئەلێرەدا بووەستێت و زۆر بە بوێریەوە بڵێت , من مێردە كۆپیكراوەكەم و بەبێدەنگی لەماڵەكە بچێتە دەرەوە.**

**٢ : ئەی چیرۆكی خۆشەویستیەكەمان؟**

**ژن:هەمان چیرۆكەكەی ئەوە.**

**دەنگی ١ :(لەژورەكەوە) ژنەكەم.. وەرە بۆ ئێرە..تكایە.**

**ژن:هەندێک چاوەڕێكە , هەرئێستا دەگەڕێمەوە...**

**٢ :نابێ بۆلای ئەو بچیت, ئایە لەمێردەكەت شەرم ناكەیت؟**

**ژن: رەنگە بۆ كارێكی گرنگ منی بوێت.**

**٢ :من لێرە پیاوی ماڵم, رەنگە پیاوەتیەكەم بۆماوەیەک وون بووبێت, بەڵام كەهاتمەوە ئەویش هاتەوە**

**دەنگی ١: ژنەكە تۆ لەكوێیت؟**

**ژن: ئەوا هاتم(دچێتە ژورەكەی ١)**

٢:(بانگی دەکات) پێتم ووت لەپەنجا ساڵیدایە, زۆر بێهێز و شەکەت و شڵەژاوە (بانگە ١ دەکات) تۆ ئەی کۆپیکراو, هەرئێستا لەماڵەکەمدا بچۆرە دەرەوە, بەدوای ژنێکی کۆپیکراودا بگەڕێ , دور لەئێمە لە جیهانە کۆپیکراوەکەتدا بژی(دەوەستێت) دەبێت شتێک بدۆزمەوە شەڕی پێبکەم,رەنگە شەڕانگێزبێت, بەهەر برخێک بێت دەبێت یەکێکمان لەناو بچین (دەچێتە ژورەکەیەوە)

ژن:(بەخێرایی دێت) بۆکوێ چویت؟(بەرەو ژورەکە دەچێت, لەکلۆمی دەرگاکەوە تەماشا دەکات)بەدوای شتێکدا دەگەڕێت (دەرگاکە جێدەهێڵێت) دەیەوێت چی بکات؟

١:(بەتوڕەییەوە دێت)کەس ناتوانێت لەم ماڵەکەم دەرمبکاتە دەرەوە, لێرە من راستەقینەکەم (لەدەرگای ژورەکەی: ٣ دەدات) من راستەقینەکەم(هەولی کردنەوەی دەرگاکە دەدات) ئەی کۆپیکراو دەرگاکە بکەرەوە, بەزەبر دەرتدەکەمە دەرەوە, هێشتا بەهێزم و دەتوانم ئەم گاڵتەجاڕیە لەماڵەکەمدا بووەستێنم, ئەگەر خۆت بەپیاوداناوە وەرە بەرامبەرم, لێتئەدەم و لەماڵەکە فرێتدەدەمە دەرەوە (بۆژنەکە)ئایە پێشتر ئازا نەبووم؟ بابچم لەژورەکە شتێک بێنم شەڕی پێبکەم(خێرا بۆژورەکەی دەڕوات)

٢:(لەژورەکەوە بەخێرا یی دێت و چەقۆیەکی بەدەستەوەیە.. بۆ دەرگای: ١ دەچێت, بەچەقۆ لەدەرگاکە دەدات, دەیەوێت بیکاتەوە) تۆ ئەی کۆپیکراو..ئەی هیچ و پوچ..هەرئێستا لەماڵەکەمدا بچۆرەدەرەوە, گەر پیاوە راستەقینەکەی روبەڕومبەرەوە, ئازاییەکەت لەکوێ ما ئەی کۆپیکراو (بەزۆر دەرگای ژورەکەی :١ دەکاتەوە و دەچێتە ژورەوە, ژنەکە بەدوایدا دەچێتەژورەوە.. گوێمان لە چەند قسەیەک دەبێت لێیان تێناگەین, هاوارکردن, قریشکە, لێدان, شتگەلێک دەشکێت.. لەم کاتەدا گوێمان لە تەقەی زۆر توند و بەرزی دەرگای سەرەکی دەبێت, ژنەکە زۆر بەترساویەوە لەژورەکە دێتە دەرەوە, راستەوخۆ بەرەو دەرگای سەرەکی دەڕوات, دەیکاتەوە, ٣: دێتە ژورەوە, لەدەوروبەری پەنجا ساڵییە, زۆر بێ هێز و شەکەت و شڵەژاوە)

فڵانی٣: وەرە دەست لەملی مێردەکەت بکە( بەرەو ژنەکە دەچێت) وەرە, وەرە, ژنە خۆشەویستەکەم.

ژن:(بەتۆقاویەوە هاواردەکات)نا..نا..نا..... مێردی سێیەمم, سێهەم پیاونا..نا..نا..نا..نا .. کۆپی کراوێکی دیکە ..کۆپیەکی تر و کۆپیەی تر..کۆپی..کۆپی..کۆپی..کۆپی.

٣: (لەگیرفانی شوشەیەک بۆن دەردەهێنێت وئاماژەی بۆدەکان)ئەمە بۆنەکەمانە..بۆنەکەمان.

**ژن: (هاواردەکات) کۆپیکراوێکی تر ماڵەکەم گەمارۆ دەدات..ئەی خوا (هێور دەبێتەوە, بەڵام پاش وچانێک بەتوندی بەڕویا دەتەقێتەوە) بۆ دەرەوە(بەرەو دەرگای ژورەکان دەچێت) دەرچنەدەرەوە..هەرئێستا لەماڵەکەم بڕۆنە دەرەوە..ئەم دڵە چیدی پێویستی بەکۆپیکراو نییە..**

**چیدی رۆحم پێویستی بە قسەو یادەوەری و خەون و درۆو دەم وچاوە شێواوەکانتان نەماوە..دڵم شوێنی خۆشەویستی ئێوەی تیا نەماوە..هەرگیز (لەگەڵدڵیدا قسە ئەکات) ئەی دڵ لەلێدان بوەستە.. لەخۆشەویستی بوەستە..لەپاکی و بێگەردیت بوەستە.. لەچاوەڕوانی بوەستە..دەبێت ئەم دڵە لەپیسی چاوەڕوانیە درێژخایەنەکانی پاک بکەمەوە..من..من.. من تەنها گریمانی راستیم دەکرد.. تەنها گریمان بوو تەنها راستی.. من بەتەنها چاوەڕێی راستی دەکەم, هەر بەتەنها بەتەنها.. ئەی راستی رۆژێک هەر دێیت (بۆ دەرگاکان) بەڵام ئێوە دەبێت هەرئێستا ماڵەکەم بەجێبهێڵن(هاوار بەسەر دەرگاو دیوارەکاندا دەکات) بڕۆن.. بڕۆن.. بڕۆن**

**(دەرگاکان دەکرێنەوە و هەرسێکیان بەشکستخواردوی دەچنەدەرەوە دەرگای سەرەکی لەپشتیانەوە بەتوندی دادەخرێت)**

**تەواو**

